وكالة الأمم المتحدة للهجرة

**دەستپێکردنی توێژینەوە لەسەر داینامیکی گەڕانەوەی ئاوارە عێراقیەکان**

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ عێراق هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی توێژینەوە بۆ لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکانی سنورداركردنی ویستی ئاوارە عێراقیەکان بۆ گەڕانەوەیان بۆ شوێنی بنەڕەتی خۆیان.

توێژینەوە پێشنیارکراوەکە بۆ وەڵامدانەوەی قەیرانی ئێستای ئاوارەبوونە، کە لە کانوونی دووەمی ٢٠١٤ دەستپێکرد بە هۆی بەدەستهێنانی هەرێمایەتی لە لایەن داعش لە باکورو ناوەڕاستی عێراق، وە بەدواهاتنی گەڕاندنەوەی هەندێك لەم ناوچانە لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانان. لە ئەیلولی ٢٠١٦وە، تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ زیاتر لە ٩٠٠،٠٠٠ گەڕاوە و زیاتر لە ٣.٣ ملیۆن خەڵکی ئاوارە لە سەرتاسەری وولات دەستنیشان کردووە.

توێژینەوەی مەیدانی ئەنجام دەدرێت لە پێنج قەزاو هەشت ناحیە لەسەرتاسەری ناوچە کاریگەری لە سەربووەکانی عێراق. ڕاهێنانێك لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەم خاڵە سەرەکیەکانی داتا کۆکردنەوە لەگەڵ ڕاپرسی توێژینەوەکەی پێناساند، هەروەها پێداچونەوەی مێتۆدۆلۆجی و باشترین ڕاهێنانی بۆ کۆکردنەوەی داتا دابین کرد. کۆکردنەوەی داتای ڕاستەقینە لەگەڵ کۆمەڵگەی ناوخۆیی بەم دواییە دەستپێکردووە.

ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە:

بۆ تێگەیشتن لە داینامیك و ئەکتەرە بەشداربووەکان لە بڕیاری گەڕانەوە،کامە ئەکتەر کاریگەری زیاتری هەیە لە بڕیاردان، وە لە کام ئاست بڕیار دەدرێت (خاوەنماڵ، خێزان یاخود کۆمەڵگە).
بۆ لێکۆڵینەوە لەو بەربەستانەی ڕووبەڕویان بووەتەوە لە ماوەی گەڕانەوە و پاش گەڕانەوەیان بۆ شوێنی بنەڕەتی خۆیان.
بۆ پێوەری ئاستی گرژیەکانی کۆمەڵگە لە ناوچە دەستنیشانکراوەکان، جەختکردن لەسەر هۆکارە گرنگەکان و دەستنیشانکردنی ئەکتەرە شاراوەکان لەگەڵ توانستیان بۆ هاندانی سازانیان لەنێو گروپەکانی کۆمەڵگە.

نوێنەرانی گروپەکانی کۆمەڵگە ئاگادارن دەربارەی چوارچێوەو هۆکارو داینامیکی هاوبەشی گروپی ڕێزداریان. لە ئەنجامدا، کۆمەڵێك لە دیمانەی جۆری لەگەڵ سەرکردەکانی کۆمەڵگە هەڵبژێردراون وەکورێگەیەکی پەسەندکراو لەم قۆناغەی توێژینەوە. قۆناغی دووەم تێڕوانینی گەڕاوەکان و ئاوارەکان کۆدەکاتەوە لە ڕێگای توێژینەوەیەکی چەندی تەواوکەر.

"لە نێو ئەم ئاوارەبوونە نوێیە، سەدان هەزار عێراقی گەڕاونەتەوە بۆ ناوچە ئازادکراوەکان، لە کاتێکدا ئەوانی تر دەگەڕێنەوە بەهۆی هۆکاری ئاڵۆزی جۆراوجۆر کە شایەنی هەڵسەنگاندنێکی وریایە. ئەم توێژینەوەیە گروپی عێراقی بەرچاو دەکات لە باری ئاوارەبوونی درێژخایەن بۆئەوانەی پشت گوێ خراون لە بەرژەوەندی ئەو زانیاریانەی بینراوە لەسەر خەڵکانی ئاوارەبووی نوێ، وە دابینکردنی تێگەیشتنێك لە سەر ناوچە گەڕاوەکان و ئەو ئاڵۆزیانەی بەشداربووە لە ئاوارەبوونی عێراقیەکان' هەڵبژاردەکان بۆ گەڕانەوە یان بۆ مانەوە، " سەرۆکی نێردەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ عێراق تۆماس ڤەیس ووتی

لە هەوڵی یارمەتیدان و ئامادەکردنی گەڕانەوەی زیاتر لە دانیشتوانی ئاوارەکان لە عێراق، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ سەرپەرشتی کاری بە گروپی گەڕاوەکان دەکات، کە دەمەزراوە لە لەلایەن تیمی مرۆیی نەتەوە یەکگرتووەکانی وولات بۆ بەرەوپێشبردنی پێشنیازەکان بۆ حکومەتی عێراقی لەلایەن گەڕاوەکان کاریگەری هەبووە وە دابین کردنی ئامۆژگاری تەکنیکی بۆ هاوبەشەکان، حکومەت و کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ پاڵپشتیکردنی جێبەجێکردنی گەڕاوەکان بە پێی ستانداردی نێودەوڵەتی.

ئەم توێژینەوە بەشێکە لەم پرۆژە هەشت مانگیە پارەدار کراوە لە لایەن یەکێتیی ئەوروپا بۆ بەشی کۆمەکیی مرۆیی و پاراستنی مەدەنی، دوا ڕاپۆرت چاوەڕوان دەکرێت بڵاوبکرێتەوە لە شوباتی ٢٠١٧.

بۆ زانیاریی زیاتر، تکایە پەیوەندی بکەن بە جێنیفەر سپارکس لە ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ لە عێراق

ئیمەیل: sblack@iom.int ؛ مۆبایل: ٠٧٥١٢٣٤٢٥٥٠